


# نهێنی

طاهر صالح سعيد

ئاياری/١٩٨٦

بەینێکە شتێك لە گۆڕێدایەو ئێمە پەی پێ نابەین. هەر دەڵێی بەسەر دڕکەوەن. ئارامیان لەبەر هەڵگیراوە، دێن و دەچن، پەڕ دەکەون و بەچرپە بۆ یەکتری دەدوێن، وەك بیانەوێت شتێك بۆ مەسەلەیەکی گەورە بکەن.

بەینێکە شتێك لە گۆڕێدایەو ئێمە پەی‌پێ‌نابەین. ئەوەتا باوکمان لە ڕۆژان زووتر بەرەو ماڵ دەبێتەوە. خڕ دەرگاکەمان لەسەر دادەخات و پێمان دەڵێت: دوور نەکەونەوە، بەڵا دەبارێت.

دایکیشمان دەبینی خۆی دەپێچێتەوەو تادێت کڕو مات دەبێت. خەمبار کەم دوو دەنوێنێت. ڕەنگی دەپەڕێت و ترسێکی ئەستوور خۆی تێدەپێچێت. لەوەش زیاتر بەشتێکەوە خەریك دەبێت کە ئێمە لەوەوبەر پێمانەوە نەدیوە.

ڕۆژانە لە دایکمان دەبینی بە ژوورە کۆنەکەوە خەریك دەبێت. بە دەوری دادێت، دەیماڵێت و ئاوپرژێنی دەکات. شەوانە مۆمی تیا هەڵدەکات و بوخوردی تێدا دەسووتێنێت.

ئەم ئێوارەیە کە باوکمان گەڕایەوە هێشتا ڕۆژ بە دەمی‌یەوە مابوو. بە چوار لای خۆی‌دا ڕووانی، لە دووا شتەکانی ئەو ماڵە وورد بووەوە. سەری بە هەموو پێچ و پەنایەکی‌یەوەنا. بە دووای‌دا ڕووەو ژوورە کۆنەکە چوو. بەدیاری‌یەوە وەستا. لەبەر خۆیەوە هەندێ وورتە وورتی‌کرد. دووا جار گووپەکانی ئاوساندو پاشەو پاش بووەوەو بەسەر ئێمە ماڵەکەی‌دا بەخشی‌یەوە. پاشان هەردوو لەپی دەستی بەڕووی خۆی‌دا هێناو، هەنگاوە سستەکانی بۆ لای دایکمان‌برد. ئەوسا بەدەم خەمێکی قورس، ئێجگار قورسەوە پی‌ی ووت:

× ژیانمان پێ تاڵ بووە چاك وایە ڕۆژێك زووتر ئەم گەڕەکە جێ بێڵین.

دایکمان لە ئاستی قسەکانی‌دا تادەهات کڕو گڕتر دەبوو:

× جا بۆ کوێ بچین؟!.

باوکمان لەوە زیاتری نەووت. ڕووەو دەرگای حەوشە ملی‌نا. بەر لەوەی بیترازێنێ ئێستێکی بۆکرد. بە چاوگێڕانێك ئێمەی بەسەرکردەوە. بە دووای‌دا دەرگاکەی ترازاندو چوو بەو دیودا. دایکیشمان لاقەکانی دابەدەم هەنگاوەکانی‌یەوەو دای خستەوە.

بەینێکە شتێك لە گۆڕێدایەو ئێمە پەی پێ نابەین «گەرەك بۆ جێ دێڵن؟ گەرەك چی‌کردووە؟ ئەی کە ئێرەیان جێهێشت ڕوو دەکەنە کوێ؟ یان ئەوەتە داخی شتێکی ترەو بە گەرەکی دەڕێژن؟»

* * *

خانووەکەی ئێمە خۆی بۆ حەوشەیەکی بەر بڵاو ڕادەگرێت. ساڵانە دووای باران بران کورسی‌یەکی پانو پۆر خۆی لە ناوەڕاستی ئەو حەوشەیەدا ڕادەوەستێنێت. ئەو کورسی‌یە ئەوەندەی بەدەمەوەیە جێگەی خێزانێکی کەشی لەسەر بێتەوە.

مەحاجەرەیەکی داریی نەخشاوی خۆی لەو کورسی‌یە دەپێچێت. سێ پێپلیکانە دەیبەستێت بەبەر هەیوانەکەوە.

شەوانە ئێمە گۆشەیەکی ئەو کورسی‌یەی لێ دەگرینو پەر دەکەوین. تاخەو بەلامان‌دا دێنێت، سرپەمان دێت. لەوەش زیاتر ئەستێرە بەرزەکانی ژوور سەرمان دەژمێرین. کەیش لێمان تێك‌چوو سەر لە نوێ تێهەڵدەچینەوە.

ئەمشەو باوکمان گەرەکی بو لەبێ ئاگایی ئێمەدا بە نهێنی شتێك بە دایکمان بڵێت، دایکمان وادیاربو مێش میوانی نەبو، بۆیە ناچار بە دەنگی بەرز پێی ووت:

× ئەمشەو جێی منداڵەکان لای خۆمانەوە ڕاخە.

بە دووای ئەو قسانەدا تاسێکی سارد بردینی‌یەوە. بێ دەنگی‌یەکی سامناك باڵی کێشا بە سەرمان‌دا. ڕووانیمانە یەکتریو تروکەمان لە چاومان بڕی لەوەش زیاتر چووینە پاڵ یەکو تاهاتیش بچووکتر بووینەوە.

ئەمشەو باوکمان هەر لە ئێوارەوە ئاڵۆز دەنوێنێت. ئەوەتە بێهۆ هەڵدەستێتو دادەنیشێت. بەدرێژایی کورسی‌یەکە دێتو دەچێت. دەچێتو دێت. جار جار ئێستێکی بۆ دەکاتو چاو لەسەر حەمامو توونو گوومەزەکەی ڕادەگرێت. لە خۆوە لەبەر خۆیەوە دەدوێت. چاوەکانی هەڵدەگلۆفێت. وەك بیەوێت بەو چاو هەڵگلۆفینە ڕوونتر شتەکان ببینێت.

ئەمشەو هەموو شت ڕەش دەچێتەوە، گوومەزی حەمامەکە لە کێوێکی ڕەشو بە سام دەچێت. گەرەکیش کەسی پێدا نایەتو ناچێت. بێدەنگی‌یەکی کوشندەش تادێت باڵی بەسەردا دەکێشێت. خەڵکی گەرەك دەڵێی مردوون، یان بە دیار تەرمی مردووەکانەوەن. باوکمان دێتو دەچێت، جار جار لە ئاستی تەقەو ڕەقەیەك‌دا گوێ هەڵدەخات. تەقەو ڕەقەی سەگە بەرەڵاکانی شەوو تاریکی‌یە. بەگوڕ دێنو بەژێر دەرگا لەوحە شەقو شڕەکەی توونەکەدا دەچن بەو دیودا. بەمەش دەرگاکە دێتو دەچێت، دەچێتو دێت. دووا جار دەنگێکی ڕەقو جیرەیەکی ناساز بەدووای خۆی‌دا بۆ گوێی ئێمە جێ دەهێڵێت. لە هەموو جارێك لەو جارانەش‌دا باوکمان ئەوەندەی تر دەئاڵۆزکێت. پەیتا پەیتا ئاور بەلای دایکمان‌دا دەداتەوە. وەك پێی بڵێت: بێ سێو دوو خۆیانن.

* * *

ئەمشەو ئەوان بە جووتە دەبنە دوو ئێشك‌گری بێدارو، ژوور سەرمان دەگرن. ئای کە شەوێکی ڕەشو بە سامە.

خەویش توخنی پێڵووەکانمان ناکەوێ. مۆتەکەی ترسەکانیش تا دێن قورسایی‌یانمان سەر دەنێن. دەنگی سەگ وەڕیش لە دوورەوە دێت. لوورە لوورێکیش بێ دەنگی ئەو شەوە دەشڵەقێنێت. دایکمان تاکێ پێلاو دەمەوخون دەکاتەوە. بەوەش ئەو لوورە لوورە کۆتایی‌نایە. دایکمان لەبەر خۆیەوە دەبۆڵێنێت «هەموو شت لە گرێژەنەچووە، نابڕنەوە، دوواتان‌بڕیت.»

لە نزیکەوە چرپە چرپێك دەبیسترێت. ئەوەتە تادێت نزیك دەبێتەوە. چرپەی زەلامە.

باوکمان ڕادەپەڕێتو خۆی کۆ دەکاتەوە. دەپەشۆکێتو ڕووەو لای مەحاجەرەکە دەچێت. دایکمان شوێن پێی هەڵدەگرێت. ئێمەش پێبەپێی ئەوان ڕاست دەبینەوە. ئەمدیو ئەودیویان دەگرین. سەرمانیان پێوە دەنێن.

دەنگەکان تادێت نزیك دەبنەوە. جار جار لە سرپە

دەترازێت . دەنگی ئافرەتە . ئافرەت بەم شەوە ؟ ئەوەتە تادێت نزیكتر دەبنەوە . وا گەیشتنە دەرگای توونەكەو ، دەستیان پێوە ناو ترازاندیان . چوون بەو دیوداو دەرگا كەیان جووت كردەوە . ڕووەو گوومەزەكە ملیان نا . یەكێكیان بە دەنگی دا لە سەنێ دەچێت . گەیشتنی بە گوومەزەكەو پێ ی دا هەڵزنان . ئەوەتان بە گوومەزەكەوە دیارن . دووای تاوێك وەك دوو پەیكەری ڕەش بە لووتكەی كێوێكی ڕەشەوە دەوەستن . زوو زوو دەست لە گیرفانیان وەردەدەن . لە ڕێگەی كلاو ڕۆژنەی ئەو گوومەزەوە شتێك بەر دەدەنەوە بە دووای دا گوێ ی سەردەخەن و بە دەنگی بەرز بۆ یەكتری دەدوێن :

× كەیفیان پێ ی دێت ، ئەوەتە ئەمسەرو ئەوسەریان پێ دەكەن .

بە درێژایی ئەم شەو ڕاچڵەكین و ڕاپەڕین . خەونی بێ سەرو پێ و پچڕپچڕمان دی . بەرە بەیان كە بە ئاگا هاتین تازە زەردەی دابوو . لە سەر سەكۆكەوە دەنگی باوكمان دەگەیشتەلا كە بە دایكمانی دەووت : ماڵەكانی كۆڵانەكەی ئەو دیو گوومەزەكە ئەمشەو ئاگاداری هەموو كەین و بەینێك بوون . لە نزیكەوە دیویانن ، هەڵبەزو دابەزیان بووە . بە دەوری گوومەزەكەدا سووڕاونەوەو ، هاتوون و چوون . قەپیان بەیەكدا كردووەو یەكتریان گەوزاندووە . بۆیە ئەمڕۆ لە هەموو ڕۆژێك وریاتر بە . نەخەلەتێیت بیەڵێت سەر لە ماڵ بەرنە دەرێ . دەركەوت بە هەموو تەرحێك خۆیان دەگۆڕن .

° ° °

بۆ ماوەیەك دەچوو شتێك لە گۆڕێدابووو ئێمە پەیمان پێ نەدەبرد . بەڵام ئەوەتە تازە وا دەزوولەی ئەو نهێنی یانەمان بۆ دەردەكەوێت .

ئێستە ئێمە لە هەموو شت سڵ دەكەین و بە گومانین . چاومان لە ئاستی گوومەزو توونی ئەو حەمامەدا دەشكێت . گیانی شەڕانی خێوەكەی ئەو حەمامە لە هەر پەلەوەڕو ئاژەڵ و ڕێبوارێكی ئەو گەڕەكەدا بەدی دەكەین .

ئەی باوكمان نەی ووت : بە هەموو تەرحێك خۆیان دەگۆڕن . لە مرۆوە ئێمە دەبینە سێبەری دایكمان و لێ ی جۆی نابینەوە . شوێن پێ ی هەڵدەگرین و بە دوویەوەین . شەویش كە دەچینە پاڵ یەك و بۆ جارێكی دی خۆمان خڕو گرمۆڵە دەكەینەوە . بەدەیان بیرو لێكدانەوە بە مێشكی ماندوومان دا دێت و دەچێت . لە دوورو نزیكەوە دەیانبینین . سەر تەلە بەردە زلەكانی ئەو حەمامە دەكەون ، دێن و دەچن . ئای كە دیمەنێكی تۆقینەریان هەیە . مرۆڤ زەنەق لێ یان دەچێت .

سەیرە هەندێكیان لە مرۆڤ دەچن و مرۆڤیش نین . جووتێ قۆچی پێچ خواردو ، تەنیا چاوێكیان هەیە . هەموو شت بەو چاوە دەبینن كە دەكەوێتە چەقی تەوێڵیانەوەو ، لە گۆمی خوێن دەچێت . لەشیشیان بە موویەكی ڕەش و دڕێژ داپۆشراوە . نینۆكەكانیان دەڵێ ی نەشتەرن . كەی بیانەوێت قاچیان لە زەوی دەبڕن و لە بۆشایی دا لەنگەر دەگرن .

هەندێكی كەیان لە ئەژدەها دەچن ، ئەستوورو درێژو كۆلكنن . بەزەبری دوو باڵی گەورە دەفڕن . هەر دانێكیان ئەوەندەی شفرەی فیلێك دەبێت . لە سەر دوو لاقی زل دەگیرسێنەوەو ئارام دەگرن . كەی بیانەوێت لەبەر چاو وون دەبن و شوێنەواریان دەسڕێتەوە . هەندێكی كەیان كەللە زل و گوێ شۆڕن . چەتەوڵ و زەبەللاحن . ناوچاوان لۆچاوی و تووڕەو ڕەنگ تاڵن . بە هەموو شتێك وەك فیشەكە شێتە دەچن بە ئاسمان داو ، شەق لە دارو بەرد هەڵدەدەن . قریوەو دەنگێكی ناسازیان لێوە دێت .

بەینێكە شتێك لە گۆڕێدایەو ئێمە پەی پێ نابەین . ئەم بەرە بەیانە كە بە دەم ژاوەژاوێكی چڕەوە لە خەو ڕاپەڕین . تازە ڕەشایی توون و گوومەزی حەمامەكە كاڵ دەبووەوە . خەڵكەكە . ببون بە دوو بە شەوە ، بەشێكیان لە تەرمێك دەنیشتن وسەرشانیان دەنا بەشەكەی دی كەیان بە دیار ناتری حەمامەكەوە دۆش دامابوون .

× كە خۆی لە كۆڵ جلەكانی كردەوە ، بە هەر دەنینۆكی خۆی

هەڵدەکران . ئەت ووت لە ژیانی‌دا ئاوی لێ نەکەوتووە . بە چوار لای خۆی‌دا دەیڕووانی کەی چاوی لە سەر وێنەکانی دیوی ناوەوەی گوومەزەکە گیرساندەوە پرسی :

× بە ڕاست ئەو سوورەتە مار نی‌یە ؟ ! .

پێم ووت :

× توخمێکە لە مار .

تاوێك ڕاما ، تاوەودووا بەسەر سوورمانێکەوە پرسی‌یەوە :

× ئەوە بەڕاست بدابە پیاوەوە چی‌لێ دەکات ؟ ! .

× چی لێ‌دەکات ؟ ئەوپەڕی تووکی سەری بە ئاسمان‌دا دەبات .

تاسێکی سارد بردی‌یەوە ، سستی‌یەك باڵی کێشا بە سەری‌دا ، لەسەر خۆ ووتی :

× ئەی ئەوە چی‌یە قووتی داوە ؟

پێم ووت :

× زۆر سەری خۆتی پێوە مەیەشێنە . شتێکی ئەوتۆ نی‌یە ، گیسکە . نابینی شاخەکانی بۆ قووت نەدراوە ؟

دەمی گەزێك داپچڕی ، بە ساردو سڕی‌یەکەوە ووتی‌یەوە :

× ساوەڵلا ئەو بتوانێ گیسکێك قووت‌بدات . دەشتووانێ سووك‌و باریك زەلامیش هەڵلووشێت . ووتت‌چی ؟

پێم ووت :

× ئەگەر وانەبێت چۆن سوورەتی دەکێشن ؟

ووتی‌یەوە :

× بەڕاست ئەوە لە کوێ هەیە ؟

ووتم :

× لە کوێ هەیە ، خوا خۆی دەیزانێ ، لێرە هەیە .

پڕ بە سی‌یەکانی هەناسەی هەڵکیشاو دایەوە :

× هەر لێرە ، لێرە ؟ ! ! .

لەوە زیاتری نەووت ، پشتی تی‌کردم‌و تەلەبەردەکانی ژووری ساردی ئەو حەمامەی بۆ هەنگاوە خاوو خلیچکەکانی ڕاخست . ڕۆیشت‌و ئاوڕی دایەوە ، بە گوومەزەکەی‌دا هەڵڕووانی . چاوەکانی سەر خستنەوە . لەبەر خۆیەوە دەدووا . لە چەق ڕێڕەوە تاریك‌و نووتەکەکەی دەیدا بە ژووری گەرمی حەمامەکەو ، لە ئاستی هارە هاڕی ئاوو ، قوڵپە قوڵپی مەنجەنیقەکەدا گێژی خووارد . توووند گوێ‌یەکانی گرت ، وەك بیەوێت تاوێك زووتر لەوێ ڕزگاری‌بێت ، خۆی دایە دەست هەنگاوە خێراکانی‌و خۆی لە گەرووی ڕەشایی‌کە هەڵکێشاو ، لەبەر چاوم وون‌بووم .

یەکێك پرسی :

× کە چوویت بە دەنگی‌یەوە چیت دی ؟

ناترەکە ووتی :

لە سەر تەلەبەردەکان کەوتبو . خوێن لە پشتی سەری‌یەوە جۆگەلەی بەستبو .

× لەو بەولاوە حەمامەکە کەسی تری تێدا نەبوو ؟

ناترەکە ووتی :

× نەخێر .

دووای نەختێك :

× با ، فەرق نی‌یە ، ئەویش هەر خووا خەڵقی کردووە . گوێ درێژەکەی محەی جامبازی لێ‌بوو ، بە پشتی سەری‌یەوە وەستابو . لە گەڵ هەندێ گوێزی شکاوو ساغ‌دا ، کە لێرەو لەوێ گیرسابوونەوە .

بەسەر سوورمانەوە :

× گوێ درێژی محەی جامباز کاری بەوێ چی‌بوو ؟

ناترەکە ووتی :

× چۆن کاری بەوێ چی‌بو ، ئەڵێی خەڵکی ئەم شارە نیت ؟ ! ڕەقیتەیەکی خراپی کردبوو ، ئەو حەمامە بە فریائ‌کەوت . ئەگینا پەتۆی نەدەبرد .

ئەوانەی دەورەی ناترەکەیان دابو سەر سام بوون . وەك لە خەمێکی قورس بەئاگا هاتبنەوە ، وایان لێ‌هات . تارمایی‌یەکانی لەوەو بەریان لەبەر چاو ڕەوی‌یەوەو ، هەمووی

بوو بەو گوێ درێژەی کرابووە ژووری گەرمی ئەو حەمامەوە . دوای تاوێك تاساوی بەروو دووا ئەو ناوەیان جێ‌هێشت .

° ° °

دەمێك بوو شتێك لە گۆڕێدا بووو لە ئێمەیان دەشاردەوە . کاتێك کە باوکمان خۆی‌دا بەدەرگاکەداو خستی‌یە سەر گازی پشت ، دنیا تەواو ڕووناك ببووەوە . کۆڵانەکە ژنە دێهاتی‌یەکانی بە جامەماستەکانیانەوە بەرەو مەیدانی ماست فرۆشەکان بەرێ دەکرد .

باوکمان هەناسەی سووارو ڕەنگی هەڵبزڕکابوو . بەهەنگاوی گەورەو خێرا ، حەوشەکەی دەبڕی‌و ڕووەو لای ئێمە دەهات . دایکیشمان بەدیار قوڕی‌و سەماوەرەکەوە کڕ کەوتبوو . لاوازو بێ خوێن دەی نوواند . ئێمەش لەو منداڵە ڕەنگ زەرد و دەردەدارانە دەچووین کە دووای پەتایەکی قورس هەڵدەستنەوە .

کە باوکمان خۆی گەیاندە لامان ، ڕووی کردە دایکمان وپێ‌ی ووت :

× هەموو شت ئاشکرابوو .

دایکمان وەك بڕوا بەقسەکانی باوکمان نەکات . تێ‌ی دەڕوانی ولێ‌ی وورد دەبووەوە .

بەباوکمان ووت :

× کەوابو ئێرە جێ ناهێڵین ؟

باوکمان دەستی لەسەر دادەگرت :

× هەرگیز .

دووای ئەو قسانە هەستمان دەکرد ووردە ووردەو لە سەر خۆ باری شانمان سووك دەبێت . سوورایی دەگەڕێتەوە خوێنمان‌و بەری چاومان ڕۆشن دەبێتەوە . بیرو لێکدانەوەکان لە کۆڵ مێشکمان دەبنەوە . لەوەش زیاتر بۆ جارێکی کە لە تەك گەیشتنی یەکەم دەزوولەی خۆری ئەو ڕۆژە نوێ‌یەدا ، خۆمان دەدەینەوە دەست شەقام‌و کۆڵانەکەو ، بە دووا شتەکانی دەورو بەرمان ئاشناو هۆگر دەبینەوە .

هەواڵنامەی کتێب
&
KURD ARSHIV

# دووان

حەسەن جاف

١٩٧٨/٨/٣٠

-١-

ئەم بەیانیە لە زستان نەدەچوو ، ئاسمان ڕووپۆشی هەوری لادابووو ڕوخساری زیونیی گەشی دەبریسکایەوە . خۆر هێدی هێدی لەو دیو زورگەکانی کەرکووکەوە بەرز دەبوەوەو تیشکە زێڕینەکەی تەزووێکی فێنکی بە لەشیدا دەهێنا ، جادەکە لە ژێر پێ‌یدا خاوێن‌و وردەبەردو چەوی زەردو سوورو قاوەیی وێنەی تابلۆیێکی سریالی‌یان لە بەرچاویا دەکێشا ، دەمێك‌بوو بڕیاری دابوو بە پێ بڕوا بۆ مەکتەب «پیاسەیەو چاو لەوەڕاندن‌و وەرزشیشە» ، ئەم زیاتر مەبەستی چاو گێڕانەکەبوو ، بەیانیان زوو ، کچان دووان دووان‌و سیان سیان ، هەندێکیشیان بەتەنیا ، هەر یەکە کۆمەڵە کتێبێکی ئاخنیوەتە جانتا ، یان توورەکەیێکی چنراو یا چەرم‌و بە سەرشانیا شۆڕی کردوەتەوە ، ورد ورد سۆنە ئاسایی ڕوو لە قوتابخانە دەکەن .

لە ئەمبەرو ئەوبەری جادەکەو سەر کۆڵانەکانیش لاوان ڕاوەستاون بە قژی درێژو جل‌و بەرگی تەسك لە سەرەوەو پان‌و پۆڕ لە پێ‌یێندا ، بە دەم جگەرەکێشان‌و زەردە خەنەو پلارگرتن کچان بەرێ دەکەن .

کە لەم میهرەجانی زەردو سوورو سەوزو شینەدا تەماشای خۆی دەکرد هەستی بە نامۆییەکی قووڵ دەکردو گاڵتەی بە خۆی دەهات ، ڕیشی بە تەواوی بۆزبوبو ، بەڵام هەموو بەیانیەك